
ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ZAGROS WEBSITE

## گومان لەدەسەڵاتدارانی کورد

# گەڕان بەدوای حەقیقەتی بوونی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل دا

هاوژین عومەر
hawzheenk@yahoo.com



ئێمەی کورد، وەکو هەر گەلێکی تری ناوچەکە، بەردەوام لەگوماندایین بەرانبەر دەسەڵاتدارەکانمان، ڕۆژ نییە حکومەت، یان ڕاستر بڵێین حزبی دەسەڵاتدار، بڕیارێك دەرنەکات و ئێمەش بەگومانەوە لێی نەڕوانین و ڕەخنەی توندی ئاڕاستە نەکەین، جا ئەو بڕیارەش لە ئاستی مامەڵەی سیاسیدا بێت، یان هەر ئاستێکی تر، تا دەگاتە دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری یان ڕاوەدوونانی دەستگێڕەکانی ناو بازاڕ، یان فرۆشتن و پێدانی زەوی بە "موستەحەقەکان".

ڕەنگە تەقلیدیترین هۆکاری ئەم بێ متمانەییەش ئەوەبێت کە هەردەم لەم جۆرە ناوچانەدا، گەل لە سەنگەرێکدا بووەو دەسەڵاتدارانیش لە سەنگەرێکی تردا، یان ئەوان میراتگرو کۆکەرەوەی خێرو بێرەکانی کورسیی فەرمانڕەوایی بوون نەك هەڵبژێردراوو پەسەندکراوی خەڵکی.

لێرەدا من نامەوێت بەڕیشەی هۆکارو ڕوخسارو دەرئەنجامەکانی ئەو بێ متمانەییەدا بێمە خوارێ، من مەبەستمە قسە لەو گومانە بکەم، کە بەتایبەت لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و "هاوپەیمانێتی"ی کوردو ئەمریکاو هەروەها سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕاپرسی و داوای فیدراڵییەت بۆ کوردستان سەری هەڵدا، گەر دەشپرسن ئەو گومانە چییە، ئەوا پێتان دەڵێم ئەمەیە: ئایا دەسەڵاتدارانی کورد دەستیان لەگەڵ ئیسرائیل تێکەڵ کردووە؟ ئایا ڕاستی و دروستیی ئەو تۆمەتەی لایەن و کەسایەتییە عەرەبییەکان بەرامبەر کورد، یان دەسەڵاتدارانی کورد بەبێئاگایی میللەتی کورد، لەکوێدایە کە کورد پەیوەندیی ستراتیجی لەگەڵ ئیسرائیلدا دروستکردووە؟

ئەم پرسیارەو دەیان پرسیاری تر، کە لەو باسەوە سەرچاوە دەگرن، گومانێکی زۆریان لەدڵی هەریەکێك لە ئێمەدا دروستکردووە، بەتەنها ئەم پرسیارانەش نین کە گومانەکەیان لای ئێمە تۆختر کردووەتەوە، بەڵکو سووربوونی لایەن و کەسایەتییە عەرەبییەکان لەلایەك و هەڵوێست و گوتەو مامەڵەی دژیەکی دەسەڵاتدارانی کورد لەهەموو ڕووەکانەوە لەلایەکیتر، ئەم گومانەیان تۆختر کردۆتەوە.

گومانەکەی منیش کە ترسێکی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، تەنها لەبەر ئەوە نییە من موسڵمانێکم و ئیسرائیلیش جوولەکەی توندڕەوو داگیرکەر، بەواتایەکی تر ترس و گومانەکە بەتەنها هی من و هاوشێوەکانم بێت و بەس، ئەو گومان و ترسەی من لەگەڵ ئەوەی پشت ئەستوورە بەدەقەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ و

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پیگەی زاگرۆس

ئەو بەسەرهاتە مێژووییانەی لەو دوو سەرچاوە پاكو بێگەردەداو لە سەرچاوە مێژووییەكانیشدا هاتوون، هەروەها پشت ئەستووریشە بە ڕووداوو پێشهاتو گۆڕانكارییەكانی ئەمڕۆی دونیاو مێژووی سیاسیی هاوچەرخ.

هەر ئێمەی كورد بووین بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەبلاوكراوەو ڕاپۆرتەكاندا دەمان خوێندەوە كە كوردەكانی ئیسرائیل مامەڵەی جیاوازو سلبیتریان لەگەڵ دەكرێت، نەك كوردەكانیش بەتەنها، بەڵكو جیاوازییەكە گەورەترەو لەنێوان جوولەكەكانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتیشدا دەكرێت.

ئەمە لەلایەك، لەلایەكیتر، پەیوەندی ستراتیجی لەگەڵ ئیسرائیلدا، ئەگەر هەبێت چ بەرژەوەندییەكی بۆ ئێمەی كورد دەبێت، جگە لەوەی كە سەرجەم جیهانی ئیسلامیی دەبنە دوژمنمان، ئێمەش وەكو میللەتێك كە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ خۆمان بە چەوساوەو ژێر دەستە زانیوە، خۆمان دەكەینە هاوپەیمانی دەوڵەتێك كە لە جیهاندا ئەوو ئەمریكا بەتەنها لەڕووی ئەنجامدانی قەتڵو عامو داگیركردنو چەوساندنەوەی میللەتان لە قەڵەم دەدرێن، ئەو دوو دەوڵەتەی پێكهاتەیان یەك شێوەیە، بەداگیركردنو كوشتنو بڕین دروستبوونو هەردووكیشیان بێ مێژوون، هەروەها ئێستاش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەكانەوە باس باسی دەستكراوەیی ئەوانە لەبەرامبەر كوشتنی خەڵكی بێتاوانو مەدەنیو داگیركردنی زەوی ولاتانی تر، هەروەها نەبوونی هیچ بەهایەكی ئەخلاقی لەمامەڵەی سیاسییو "هاوپەیمانێتی"یاندا، ئەوەشی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ دروست دەكات، لە یەكێك لەم سێ گریمانەیە بەدەر نییە:

١- یان گێلەو ئەو ڕاستییەی سەرەوە ئاگادار نییە.

٢- یان لایەنو حكومەتێكە وەكو ئەوان دڕندەیە.

٣- یان پاشكۆیەو دەستكەلای ئەوانەو هۆكارێكە بۆ هێنانەدیی ئامانجەكانیان.

لێرەشدا نامەوێت ئەو حوكمانە بدەم بەسەر هیچ لایەنێكو دەسەڵاتێكی كوردیدا، چونكە ئێستا باسەكە لەلای ئێمە گومانە، هەروەها لێرەدا مەبەستمان لەو گومانەیە، نەك لێكدانەوەو شیكردنەوەی هاوپەیمانییەك كەنازانین هەیە یان نا.

ئەوەی وادەكات لەم مەسەلەیەدا ئێمە بەرامبەر دەسەڵاتی كوردی بەگومان بین دژوارییەكە لە گوفتارو مامەڵەیاندا، دەسەڵاتی كوردی بە گوفتارو لەوەڵامی هەر پرسیارێكو لە هەر كۆڕو كۆبوونەوەیەكدا لەگەڵ لایەنو حكومەتە عەرەبییەكان، ئەو تۆمەتانە بە توندی ڕەت دەكاتەوە، بەڵام لەمامەڵەی ڕۆژانەیاندا، بەتایبەت لە ناوخۆی كوردستاندا، سەرەداوی پێچەوانەی ئەو ڕەتكردنەوانەمان بۆ دەردەكەوێت، دەسەڵاتی كوردی تا ئێستا نەیتوانیوە بەتەواوەتی ئەوەمان بۆ بسەلمێنێت كە لەگەڵ ئیسرائیلدا پەیوەندیی گرێ نەداوە، واتە گومانەكەمان نەهێڵێت.

بەتایبەت لە ڕووخانی ڕژێمەوە، دەسەڵاتی كوردی كار لەسەر ئەو ئەجێندەو بەرنامانە دەكات كە لە چوارچێوەی ئەجێندە ئەمریكیو زایۆنییەكان، بۆ "گۆڕانكاری" لە جیهانی ئیسلامیدا، ناچنە دەرێ، بۆ نموونە؛ ڕۆژێك بەسەرماندا تێپەڕ نابێت، كە دەسەڵاتی كوردی بڕیارێكی لە هاوشێوەی: گۆڕینی ناوی وەزارەتی ئەوقافو كاروباری ئیسلامیی بۆ وەزارەتی ئەوقافو كاروباری ئاینی، دەستپێكردنی شاڵاوی ڕاگەیاندن بۆ سەر ئیسلامو پیرۆزییەكانی موسڵمانان، گرنگیدانێكی زیاد لە سنوور بە تائیفە ناموسڵمانەكان، بەتایبەت گاورەكان كە نوێنەریان تا ئاستی دووەمی دەسەڵاتی جێبەجێكردن (لە ئیدارەی هەولێر) بەرزكراوەتەوە، فەرمان دەركردن بە گۆڕینی پۆشاكی حیجاب بۆ تەنورەو بلوس،

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

کەمکردنەوەی خوێندنگە ئاینییەکان، هەروەها نەهێشتنو کەمکردنەوەی دیاردەی دروستکردنی مزگەوت، بەتایبەت لە پرۆژەکانی "ئاوەدانکردنەوە"دا، ئەمە جگە لە گرتنەبەری مامەڵەیەکی سلبی لەگەڵ لایەنو کەسایەتییە ئیسلامییەکانداو هەوڵدان بۆ پەراوێزکردنیان.

هەموو ئەم گومانانەی ئێمە، ئەگەر وتەو لێدوانی لایەنو کەسایەتییە عەرەبییەکانیش بۆیان دروست نەکردبێتین، ئەوا مامەڵەو هەڵوێستەکانی دەسەڵاتدارانی کورد بۆیان دروستکردووین.

تا ئێستاش لە کوردستانداو لەسەر تاخواری دەزگاو دامەزراوەکانی تایبەت بەبواری بەڕێوەبردنی حکومەتو کاروباری خەڵك، دەزگایەکی بەرپرسی هاوشێوەی پەرلەمان (نەك بە مانا کوردستانییەکەی) بەدی ناکەین کە بێلایەنانەو شەففافانەو یاساییانە یەك بەیەکی دەسەڵاتداران ڕابگرێتو لەسەر خاڵ بەخاڵی کارو کردەوەی سیاسییان ڕووبەڕووی دەیان لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونیان بکاتەوەو بە ئەجێندەکانیاندا بچێتەوەو لەسەر ئەو باسە بیانهێنێتە گۆ.

ئێمە بۆیە گومانمان هەیە، چونکە چەندین کاری لەو شێوەیە لە دەسەڵاتدارانی کورد بینراوە، ئێمە بینومانە بەبێ ئاگاداریی میللەتو لە ژوورە داخراوەکاندا، هەندێك جاریش لەدژی بەشێکی میللەتی کورد، هاوپەیمانیی لەگەڵ ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوەو ڕژێمەکانی تورکیاو ئێرانو چەندین لایەنو کەسایەتیی نامۆدا کراوە.. ئەدی چۆن ئێستا گومان دروست نابێت کە پەیوەندیی‌و هاوپەیمانیی لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست بوو بێت.

بەهەرحاڵ، منیش‌و زۆرێکی تریش چاوەڕوانی ئەوەین دەسەڵاتی کوردی ڕاستی‌و دروستی ئەو مەسەلەیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، بەشێوەیەکی فیعلی بۆ میللەتی بسەلمێنێت کە پەیوەندیی خۆیانو دەوڵەتی ئیسرائیل لەچ ئاستێکدایە.

بێگومان ئەگەر ئەوەشمان بۆ نەکەن، ئەوا ڕۆژێك دەبێت ئەو بابەتەش (بەویستی خوا) وەکو فایلدارەکان ئاشکرا بێت، یان ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەشی بیانی وەکو نامەکەی مام جەلالو کاك مەسعود بۆ جۆرج بۆش بۆمان ئاشکرا بکات، یان وەکو کتێبەکەی بۆب وۆدوارد بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" بەناوی "Plan of Attack" "پلانی هێرشکردن" بە بەڵگەوە بۆمان ئاشکرا بکات کە دەسەڵاتدارانی کورد پەیوەندییان لەگەڵ دەزگای (CIA)دا هەبووەو بنکەیان لە کوردستان بۆ کردوونەتەوەو بەر لەڕووخانی ڕژێمی بەعس و پاش ڕووخاندنیشی، کاری هاوبەشیان کردووە، گەر هەر ئەوانەش نەبوو، ئەوا (٢٠ ـ ٣٠) ساڵێك چاوەڕێ دەکەین تا بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە مافی نهێنییان لەسەر هەڵدەگیرێت، ئەوسا هەموو شتێکمان وەکو ڕۆژی ڕوون بۆ ڕوون دەبێتەوە.